# دۆڕاوە هەمیشەییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران

لەسەرجەم خولەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکوتوو بووە یەکەمجاری بووە بەشداری کردووە، یان لە هەڵبژاردنی پێشوودا سەرکەوتوو بووە. ئەوانەی بۆ چەند جارێک خۆیان کاندید کردووە، هیچ چانسێکیان نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە کەسایەتییە سیاسییەکان دوبارە چانسی خۆیان تاقیکردووەتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا بۆ کاندیدی شارەزا گۆڕاون و لە هەموو هەڵبژاردنێکدا یان کاندیدن، یان ناویان وەک ئەگەری کاندید بوون باسدەکرێت.

(موحسین ڕەزایی) یەکێک لەو کەسانەیە، کە لە چەند هەڵبژاردنێکدا خۆی کاندید کردووە و لە سەروبەندی هەموو هەڵبژاردنێکی ئێرانی یان جیهانیدا بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گاڵتەوە ناوی (ڕەزایی) وەک کاندید دەخەنەڕوو.

(بی بی سی)ی فارسی

FOCUS

## - موحسین ڕەزایی

نازناوەکەی (سەردار)ـە، دوای ئەوەی ساڵی (1997 زاینی) دەستکێشانەوەی لە سوپای پاسداران ڕاگەیاند، ڕێکخستنێکی بەناوی (خانه دانشجو) دامەزراند، کە پێکهێنانی (بەرەی کولتوری) و (سەنگەری کولتوری) لە دەستوری کاریدابوو. ئەم دامەزراوەیە لەلایەن بزوتنەوە خوێندکارییە نزیک لە چەپ و ڕاستەکانەوە پێشوازی لێنەکرا و بەو هۆیەوە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو.

لە هەڵبژردانەکانی ئەنجومەنی شەشەمدا فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران بۆ یەکەمجار بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد، سەرەتا باس لەوە کرا کە ناوی ڕەزایی لە لیستی حزبی (جبهه مشارکت)دایە، بەڵام ڕەزایی لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (صبح امروز) ڕایگەیاند «لە لایەنگرانی خاتەمی نزیکترم». ڕەزایی بەم ڕستەیە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و لە لیستی (جبهه مشارکت)دا نەبوو.

لەگەڵ بوونی پشتیوانی چەند چینێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا، بەڵام ڕەزایی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و بگاتە ئەنجومەن. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی 2005 خۆی کاندید کرد و ڕایگەیاند، «ئەگەر ئەنجومەنی هەماهەنگی ئوسوڵییەکان دادپەروەری لە هەڵبژاردنەکاندا بگرێتەبەر لە بەرژەوەندی کاندیدی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن دەکشێتەوە.» بەڵام دوای ئەو وتانە و 48 کاتژمێر بەر لە دەنگدان بێ پشتیوانی کردن لە هیچ کاندیدێک کشایەوە و ڕایگەیاند «کشانەوەی بۆ ئەوە بووە، کە دەنگی هاوڵاتیان پەرش و بڵاو نەبێت بە هۆی زۆری کاندیدەکانەوە».

ساڵی 2009 جارێکی تر ڕەزایی خۆی کاندید کردەوە و لە دیبەیتی هەڵبژاردنەکاندا زیاتر ڕەخنەی لە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد گرت. دوای دیبەیتی بەناوبانگی نێوان (میر حسێن موسەوی) و (مەحمود ئەحمەدی نەژاد)، ژمارەیەک لە ڕوخسارە ئوسوڵییەکان لەوانە (عەلی موتەهەری) کە بەر لەو کاتە پشتیوانی لە ئەحمەدی نەژاد کردبوو، پشتیوانی لە ڕەزایی کرد. ڕەزایی بەپێچەوانەی میر حسێن موسەوی و (مەهدی کەڕوبی) تەنیا لە ڕێگەی ئەنجومەنی پاراستنەوە ڕەخنەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گرت. ڕەزایی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی 2013 بە هەمان شێوازی ڕەخنە لە چەپ و ڕاست دەگرێت و وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ و هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی 2009 بوو.

## - محەمەد باقر قالیباف

یەکێکی ترە لە ناکامەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار. قالیباف دوای بەناوبانگبوونی لە هێزی ناوخۆی ئێران (نیروی انتظامی)، بە هۆی کارەکانی وەک دروستکردنی (پۆلیسی 1100) و هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی مارسیدس، دەستی لە هێزی چەکدار کێشایەوە و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005دا خۆی کاندیدکرد. بانگەشەکانی قالیباف بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ هەڵوێستەکانی ڕابوردویدا نەدەگونجا و بە تیشێرتێکی سپی تایبەتەوە بۆ هەڵبژاردنەکان ناوی خۆی تۆمار کرد. لە فەزای سیاسیدا قالیباف لەلایەن سوپای پاسداران و ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا، لە ڕۆژانی دواتردا پێچەوانە بووەوە و (بەسیج)ییەکان پشتیوانیان لە مەحمود ئەحمەدی نەژاد کرد.

قالیباف ساڵی 2013 تیشێرتی سپی لابرد و ئەمجارە بە ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ باسی لە ڕیفۆرم کرد. قالیباف لە دیبەیتەکاندا باشترین هەلی بۆ (ڕوحانی) ڕەخساند کە بڵێت (من کۆڵۆنێل نیم، یاسانا‌سم).

قالیباف بۆ هەڵبژاردنە سەرۆک کۆمارییەکی ساڵی 2017 خۆی بۆ پۆستەکە کاندید کرد و تا ڕۆژانی کۆتایی بەردەوام بوو لە بانگەشە و بەشداری دیبەیتەکانی کرد، بەڵام چوار ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردنەکان کشانەوەی خۆی لە بەرژەوەندی (ئیبراهیم ڕەئیسی) ئوسوڵی ڕاگەیاند.

## -مەهدی کەروبی

لە دوو هەڵبژاردندا کاندید بووە و وتویەتی لە یەکەمیاندا ساختەکاری کراوە و لە دووەمدا (ئەندازیاری هەڵبژاردن) بووە. مەهدی کەروبی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005دا لە کاتێکدا گروپێک لە ڕیفۆرمخوازان بە دوای (مستەفا موعین)ـەوە بوون و ژمارەیەکی تریشیان پشتیوانیان لە ڕەفسنجانی دەکرد، پێی خستە مەیدانەکەوە. لە ئەنجامدا کەروبی لە 11 پارێزگا زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام لە خولی یەکەمدا سێیەم بوو. دوای ئەنجامەکان کەروبی لە نامەیەکدا ڕەخنەی لە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا گرت.

کەروبی بێجگە لە ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەخنەی لە کۆمەڵێک هاوڕێی خۆشی گرت و دوای کشانەوەی لە ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی پیاوانی ئایینی بەرگریکار، بوو بە ئەمینداری گشتی حزبی نوێی (اعتماد ملی).

چوار ساڵ دواتر کەروبی جارێکی تر خۆی کاندید کردەوە و دوبارە رەخنەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گرت، ئەمجارە ئەنجامی رەخنەگرتنەکەی جیاواز بوو، بە هۆی رەخنەکەیەوە لەگەڵ میر حسێن موسەوی و هاوسەرەکەی چاند ساڵێکە لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەرە.

## -ئەحمەد تەوەکولی

لە کێبرکێی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1993دا، تەوەکولی هێرشی کردە سەر بەرنامە ئابورییەکانی هاشمی رەفسنجانی و رەفتاری خانەدانانەی ژمارەیەک لە وەزارەتەکان. وتەکانی بە خێرایی رەنگیان دایەوە و لەگەڵ ئەوەی نزیکانی رەفسنجانی پێشبینیان کردبوو تەوەکولی چەند سەد هەزار دەنگێک بەدەستبێنێت، بەڵام لە راستیدا چوار ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا.
تەوەکولی ساڵی 2001 بە هەمان ئەو دروشمانەوە کەوتە کێبرکێ لەگەڵ خاتەمی و لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا گریا و وتی «بۆ بنبڕ کردنی گەندەڵی ئامادەیە رۆحی خۆی ببەخشێت». لەو هەڵبژاردنەشدا بە بەدەستهێنانی چوار ملیۆن و نیو دەنگ بۆ جارێکی تر دووەم بوو.
تەوەکولی ساڵی 2005یـش خۆی کاندید کـرد، بـەڵام دواتـر بەر لە هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی قالیباف کشانەوەی خۆی راگەیاند.

## - عەبدوڵڵا جاسبی

سێ دەیە سەرۆکی زانکۆی ئازاد هاوشێوەیە تەوەکولی لە دوو هەڵبژاردندا کاندید بوو. جاسبی بە پێچەوانەی تەوەکولی لە بانگەشەکانی ساڵی 1993دا رایگەیاند، کە هاشمی رەفسنجانی کاندیدێکی باشترە. جاسبی لەو هەڵبژاردنەدا چوارەم بوو.
جاسبی ساڵی 2005 رایگەیاند، کە لەبەر رێزگرتن لە هاشمی رەفسنجانی خۆی کاندید ناکات. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی 2001دا سەرۆکی ئەو کاتەی زانکۆی ئازاد لەگەڵ هەشت کاندیدی تردا لە کاتێکدا کەوتە کێبرکێ لەگەڵ (خاتەمی) کە هیچ چانسێکی سەرکەوتنی نەبوو؛ چونکە بە بڕوای ژمارەیەک جاسبی بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی ئازادیش شیاو نەبوو.

## - حەبیبوڵڵا عەسگەر ئەولادی

یەکێک لە چوار کاندیدی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، کە دوای دوورخستنەوەی (ابو الحسن بنی صدر) ئەنجامدرا. ئەولادی ساڵی 1985 لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی کۆماری (ئایەتوڵا خامنەیی)یش کاندید بوو. ئەولادی لە دەوڵەتەکانی (رەجایی، دەوڵەتی کاتی مەهدەوی کنی، دەوڵەتی میر حسێن موسەوی) وەزیری بازرگانی بووە، بەڵام بە هۆی ناکۆکییەوە لە کابینەکەی موسەوی کشایەوە.
ئەولادی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە ئەمینداری گشتی حزبی (مؤتلفە اسلامی) بوو، تا ساڵی 2004 دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت.
ئەولادی لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی خۆیدا چەند وتەیەکی لەبارەی مەهدی کەروبی و میر حسێن موسەوی وت، کە چاوەڕوان نەکراو بوو، کاردانەوەی ئوسوڵییەکانی لێکەوتەوە.

## - رەزا زەوارەیی

یەکێکی تر لە کاندیدەکانی خولی سێیەمی سەرۆک کۆماری بوو، کە رایگەیاند لە بەرژەوەندی (خامنەیی) کە لە خۆی بە باشتر دەزانێت، دەکشێتەوە و دەنگ بە خامنەیی دەدات. زەوارەیی ساڵی 1997یش خۆی کاندید کرد، بەڵام روون بوو کە لەنێوان (محەمەد خاتەمی) و (عەلی ئەکبەر ناتق نوری)دا ئەو هیچ چانسێکی سەرکەوتنی نابێت. زەوارەیی کە بۆ چەند ساڵێک قایمقامی ئەنجومەنی پاراستن بوو، ساڵی 2005 خۆ کاندید کردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار رەتکرایەوە و لە هەمان ساڵدا بە هۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

## -مەحمود کاشانی

لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا ساڵی 1985 کە دوبارە خامنەیی هەڵبژێردرایەوە، لەگەڵ حەبیبوڵڵا عەسگەر ئەولادی کاندید بوو. لە فەزای کێبرکێی ئەو سەردەمەدا زیاتر لە ملیۆنێک دەنگی بەدەستهێنا.
کاشانی ساڵی 2001 لەو نۆ کەسە بوو، کەوتە کێبرکێ لەگەڵ خاتەمی.
مەحمود کاشانی لەگەڵ ئەوەی کوڕی (ئایەتوڵڵا ئەبولقاسم کاشانی) و یەکێک لە ئەندامانی حزبی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە، بەڵام لە سیاسەتی ئێراندا گرنگی پێنەدراوە.
(حەسەن غەفوری فەرد، عەباس شیبانی، عەلی ئەکبەر پەروەرش) سێ کەسایەتی تری کۆماری ئیسلامی ئێرانن، کە بە لایەنی کەمەوە دوو جار خۆیان کاندید کردووە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام دەرنەچوون.

**سەرچاوە:** بی بی سی

http://www.bbc.com/persian/iran-features-39528959

IDEA
FOUNDATION

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە